تورکمانەکان لە پەرلەمانی عێراق کوتلەیەك پێکدەهێنن

بەشێك لە پەرلەمانتارە تورکمانەکان لە وەڵامی داخوازییە جەماوەرییەکانیان لە نێینەوا، سەلاحەددین، کەرکووك و دیالە، بەیاریاندا کوتلەیەک لە پەرلەمانی عێراق لەژێر ناوی "کوتلەی چوارچێوەی تورکمانی" پێکبهێنن.

بەشێک لە پەرلەمانتارە تورکمانەکان لە میانەی راگەیەندراوەکدا ئاماژەیان بەوەدا، لەسەر بنەمای پرەنسیپی هەستنگاندنی ئەدای سیاسی تورکمان، بە بەرژەوەندی نەتەوەیی تورکمان و لە وەڵامی داخوازییەکانی گەل و جەماوەر لە سەرتاسەری ناوچەکانان لە نێینەوا، سەلاحەدین، کەرکووک و دیالە، بەیاردا بە راگەیاندنی کوتلەیەک لە پەرلەمانی عێراق لەژێر ناوی "کوتلەی چوارچێوەی تورکمانی".

لە راگەیاندراوەکەدا هاتووە، مەبەست لە پێکهێنانی ئەم کوتلەیە داکۆکیکردنە لە مافە دەستووریی و رەوایەکانی گەلەکەیان، هاوکات ئاماژە بەوە دەکەن، لەگەڵ راگەیاندنی ئەم کوتلەیە بەڵێن بە جەماوەر دەدەن کە بەردەوام دەبن لە خزمەتکردن و بەدیهێنانی مافە رەواکانی تورکمانەکان.

کوتلەی چوارچێوەی تورکمانی، جێخت لەوەش دەکەنەوە، لەپێناو بەرەوپێشبردنی ئاستی سیاسی تورکمان، ڕێ و کاریگەری لە هاوکێشە سیاسییەکانی عێراقدا لەژێر ئەو ناوە نوێیە بەردەوام دەبن لە خزمەتکردن.